# کۆمپانیای گەشتی ئاسمانی دوکان ئێر
# گەشتەکانی دوسلدۆرف – سلێمانی بەسەرکەوتوویی دەستپێکرد





فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی سلێمانی ڕۆژ بەرۆژ گەشتەکانی فراوان دەکات و ئاسمانەکەی بەڕووی گەشتە جیهانیەکاندا دەکاتەوە..لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی هەمەلایەنەداو بەمەبەستی فراوانکردنی گەشتەکانی بەشێوەیەک کەزۆرترین هاولاتی سودی لێ ببینێ و وەک بەدەنگەوە هاتنێکیش لەسەر داواکاری زۆری خەڵکو بەپشت بەستن بەسەرکەوتنی گەشتە ڕاستەوخۆکانی میونشن هەولێر,میونشن سلێمانی هەردوو کۆمپانیای دوکان ئیرو ئەزمەڕئێر (گەشتی ڕاستەوخۆی دوسلدۆرف – سلێمانی)یان ڕاگەیاند..

ڕۆژی سێ شەممە 21/06/2011کاتژمێر 9:45 دەقیقەی بەیانی بەفرۆکەی ئێرباسی نوێ و لەفرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی دوسلدۆرفەوە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە لەکات و وادەی خۆیدا بەژمارەیەکی زۆری سەرنشینەوە ئەو گەشتانە دەستی پێکرد و کاژمێر 3,35 دەقیقەی پاش نیوەڕۆ لەفرۆکەخانەی سلێمانی نیشتەوەو بێ دواکەوتن لەکاتی خۆشیدا گەشتەکەی لەسلێمانیەوە بەرەو دوسلدۆرفی ئەڵمانیا دەستپێکردەوە..بەمەش ژمارەی گەشتەکانی ئەو پرۆژە هاوبەشەی دوکان ئێرو ئەزمڕئێر لەئەڵمانیاوە بۆ وڵات مانگانە دەگاتە زیاتر لەبیستو دووگەشت بەشێوەیەک کەهەفتانەو ڕاستەوخۆ لەمیونشنەوە بۆهەولێرو سلێمانی و لە دوسلدۆرف بۆ سلێمانی و بەپێچەوانەوە ئەنجام ئەدرێ..شایانی باسە فرۆکەخانەی دوسلدۆرف ..یەکێکە لەفرۆکەخانە بەناوبانگەکانی ئەوروپاو شارەکەش سنووری بەچەند دەوڵەتێکی ئەورووپیەوەیەو گەشتێکی زۆری جیهانی لەسەرەو پردێکی ئاسمانی گرنگە بۆ بەستنەوەی گەشتە ئاسمانیە جیهانیەکان بەئەڵمانیاوە..دیارە فراوانبوونی ئەم گەشتانە سەرەنجامی پلانی وردوو هێزوو تواناو بڕواومتمانەی کارکردنە کەلەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بیناکراوەو بۆتە جێی باوەڕی گەشتیاران و فاکتەرێکی گرنگی کاری وەبەرهێنانی بواری گەشتی ئاسمانی و بەتایبەتی پێشخستن و گەشەپێدانی گەشتەکانی فرۆکەخانەی سلێمانیە..بەم پێیە گەشتەکانی دوکان ئێر دەبێتە یەکێک لە فراوانترین خەتی نێوان ئەڵمانیاو عێراق و

کوردستان وگەشتیاران لەهەموو وڵاتانەوە دەتوانن فرۆکەخانەکانی (میونشن ودوسلدۆرف)لەمیانەی ئەو سێ گەشتە ڕاستەوخۆیەی هەفتانەدا بەو پێیەی کەکەناڵێکی فراوانی گەیاندنیانە بەسلێمانی و هەولێر بکەنە وێستگەی سواربوون وفڕین بۆ وڵات.. مامۆستا فەوزی مەجید بەڕێوەبەری دوکان ئێر لەسلێمانی بەم بۆنەیەوە بەpukmedia و ڕادیۆی گەلی کوردستان وکوردستانی نوێ ی ڕاگەیاند دەستپێکردنی گەشتەکانی دوسلدۆرف – سلێمانی و بەپێچەوانەوە لەچوارچێوەی ئەو پرۆژەیەدایە کەهەردوو کۆمپانیای گەشتی ئاسمانی ئەزمرێرو دوکان ئێر لەماوەی ڕابردوودا بەسەرکەوتوویی دەستیان پێکرد..بێگومان ئەم گەشتانە لەڕێگەی کۆمپانیای ناسراوی ئەڵمانی گێرمەنیا ئێرلاینس ئەنجام دەدرێ و ئەوەی کەبۆ ئێمە مایەی سەربەرزیە گەشتەکانمان بەپشت بەستن بەتواناو لێهاتوویی و خزمەتگوزاری ستافی دوکان ئێر لەئەڵمانیاو ئەزمڕ ئیر لەسلێمانی و بە متمانەی گەشتیار لەماوەی ڕابردوودا لەکات و وادەی خۆیدا ئەنجام داوە..بەپێی ئەو پلانەی کەدانراوە گەشتەکان زۆربەی ڕۆژانی هەفتە دەگرێتەوە بۆ نمونە ڕۆژی دوشەموان لە میونشن بۆ هەولێر و سێ شەموان لەهەولێر بۆ میونشن ئەنجام ئەدرێ ..هەروەها سێ شەمووان لە دوسلدۆرف بۆ سلێمانی ئەنجام ئەدرێ و هەمان ڕۆژ لە سلێمانی بۆ دوسلدۆرف و چوارشەمووان لەمیونشن بۆ سلێمانی و پێنج شەمووان لە سلێمانی بۆ میونشن و بەپێچەوانەوە ئەنجام دەدرێ بەم پێیە گەشتەکان دابەش بوون بەسەر هەفتەکەدا کەواتە..ئێستا دوسلدۆرف –سلێمانی بووە بەشێک لەو پرۆژە هاوبەشەو ئیزافەبووە سەرگەشتەکانی تر..فەوزی مەجید ئەوەشی وت جیاوازی ئەم گەشتەی دوسلدۆرف لەگەڵ گەشتەکانی میونشن لەوەدایە گەشتی دوسلدۆرف سلێمانی بەڕۆژە و سێ شەمووان کات 9,45 دەقیقەی بەیانی دەفڕێ و 3,50ی پاش نیوەڕۆ دەگاتە فرۆکەخانەی سلێمانی و کاتژمێر 4,40 دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بەرەو ئەڵمانیا گەشتەکەی دەستپێدەکاتەوە ، فەوزی مەجید ئەوەشی وت کەئەم گەشتانە دەستکەوتێکی گرنگەو زادەی ئازادی و بوارێکی پڕبایەخی خزمەتگوزاریەو زیادکردنیشی مژدەیەکی ترە لەسۆنگەی ئاماژەو بەڵێنەکانەوە کەپێشتر دابومان بۆ فراوانکردنی وبەکردەوەش هێنامانەدی ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ڕاستودروستی لەکارکردندا..متمانە بەیەکتری،ڕاستگۆیی لەگەڵ گەشتیاردا،فڕین لەوادەی خۆیدا دروشم وئامانج وبنەمای کارکردنمانە..دیارە فراوانبوونی گەشتەکانمان فراوانبوونی کارێکە..سودی بۆهەموان دەبێت پشت ئەستوریشین بەئەزموونی خۆمان و ئەزموونی ئەزمڕێر وەک گەورەترین کۆمپانیای گەشتی ئاسمانی لەوڵات..ئەمە جگەلەوەی ئەم گەشتە نوێیەشمان پردێکی ترە کەئەڵمانیا زیاتر دەبەستێتەوە بە سلێمانیەوەو سوودی زۆری بۆ شارەکەش دەبێ.